# نزیكو دوور




## قانع چی بوو؟
## کەلتوورێکی ئایینی یا مۆدێرنێتە؟

(دوای چل ساڵ لەمەرگی شاعیر رۆحی زیندووی بەرز رادەگرین) لەژێر ئەم دروشمەو بۆ ماوەی دوو رۆژ وەزارەتی رۆشنبیری (دیداری قانیع)ی بۆ لێكۆڵینەوە سازكرد، لەبارەی ژیانو بەرهەمە شیعرییەكانی قانعی شاعیرو شیكردنەوەو راڤەكردنی دەقە شیعرییەكانی پێشكەش كرا.

لەم دیدارەدا چەند لێكۆڵینەوەیەك پێشكەش كرا كە تیایداو هەر لێكۆڵەرەوەیەك لەتێروانینێكی ئەكادیمییەوە دنیابینی شاعیری بۆ یەكێك لەچەمكەكان دەخستەڕوو، لەوانە لێكۆڵینەوەی (رەنگدانەوەی كەلتوری ئایینی لەشیعرەكانی قانعدا، كە لەلایەن (دكتۆر سەباح بەرزنجی) پێشكەش كراو لەو لێكۆڵینەوەیەدا بەپشت بەستن بەچەند دەقێكی شیعری هەوڵی راڤەكردنی دەقە شیعرییەكان وەك دەقێكی شیعری ئایینی دەدا، بەواتایەكیتر لێكۆڵەر هەوڵیدا كە كەلتوری ئاینی لەشیعرەكانی قانعدا دەربخات. لێكۆڵینەوەیەكیتر كە جێی سەرنجی ئامادەبووان بوو باسێك بوو بەناوی (قانیعو مۆدێرنێتە) كە (عیرفان رەهنمود) پێشكەشی كرد، لێكۆڵەر لەباسەكەیداو بەپشت بەستن بەهەندێك لەدەقە شیعرییەكانی شاعیر هەوڵی ئەوەی دابوو كە دنیابینی ئەو سەردەمەی قانع ببەستێتەوە بەسەرەتاكانی دەركەوتنی مۆدێرنە لەناو كورددا دانایی شاعیری بەدەرخست كە لەو سەردەمانەدا توانیویەتی بەدەقە شیعریەكانی دژ بەكەلتوری دواكەوتوویی كۆمەڵگە بوەستێتەوەو رەخنەبگرێت لەنەریتە دواكەوتووەكانی كۆمەڵگە.

(قانعو سەرەتاكانی سەرهەڵدانی مۆراڵی ناسیۆنالیستی) یەكێكیتر بوو لەلێكۆڵینەوە پڕ بایەخەكانی نێو دیدارەكە كە لەلایەن (بەختیار عەلی) پێشكەشكرا، لەو لێكۆڵینەوەدا ئەوە روونكرایەوە كە قانع لەسەردەمی خۆیداو بەپێی زەرورەت بوونی ئەو قۆناغە گرنگیداوە بەكۆمەڵێك نرخو بەهاو مۆراڵی ئەخلاقی كۆمەڵگە بەگشتیو بەتایبەتی مەسەلەی ناسیۆنالیستیو ریفۆرمیستێكی بواری كۆمەڵایەتی بۆ گۆڕینی كۆمەڵگە لەبارێكی تەقلیدیەوە بۆ بارێكی مۆدێرن.

ئەمانەو چەندین لێكۆڵینەوەیتر لەبارەی (گرنگی خوێندنو رەخنە وەك پرۆسەیەكی هوشیاری) لەدیدی قانعی شاعیرەوە...

ئا: شۆڕش محەمەد حسێن

# رۆمانووسەکان چۆن دەڕوانە ژیان..؟



ئەلبێر کامۆ

و: هێمن مەحمود

رۆمان بریتییە لەمرۆڤ، ئەو ژیانێکە کە زیاتر روون‌و ئاشکرایە، تیشکێکیشە بۆ قولاییە تاریکەکان.

(د.ه.لۆرانس) دەربارەی کاری رۆمانووسی دەڵێت (لەبەرئەوەی من رۆمانووسم ئەوا خۆم بەبەرزترین پلەی قەدیس‌و زاناو فەیلەسوف‌و شاعیران دادەنێم، رۆمان کتێبی ژیانی پڕشنگدارە).

(لایۆنێل تریلنیگ)ی رەخنەگریش دەربارەی رۆمان دەڵێ (رۆمان گەڕانێکی بەردەوامەو گۆڕەپانی ئەم گەڕانەش جیهانە کۆمەڵایەتییەکەیە، کەرەستەی شیکردنەوەکانیشی ئەو خوانەی ئینسانە کە دەبن بەبەڵگەی ئەو ئاراستانەی نەفسی مرۆڤ بەرەوڕووی هەنگاودەنێ).

رۆمان بەدرێژایی مێژووە پڕشنگدارەکەی خۆی هەوڵی ئەوەی داوە کە مرۆڤ رزگار بکات‌و خودی خۆشی بناسێنێت، هەروەها هەوڵی ئەوەشی داوە کە پارێزگاری لەئازادییەکان‌و مافی لەبەسەربردنی ژیان‌و دۆزینەوەی شتە جوانەکانی ژیاندا بکات.

هەر لێرەشەوە بەبانگەوازی رۆماننووسەکان تاوەکو لەزاتی خۆیاندا رۆشنبیرییەتی پەیوەستبوون بەژیانەوە دەستەبەر بکەن.

لێرەدا بیروڕای چەند رۆماننوسێك دەخەینە روو کە ئەزمونێکی دەوڵەمەندیان لەهەموو قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا هەیە.

**(گابرێل گارسیا مارکیز)**

گابرێل گارسیا مارکیز بەهەموو شێوەیەك پەیوەستە بەژیانەوە، بەهەموو مانایەکی خۆشەویستیش خۆشیدەویٚ‌و هەموو هیوایەکیشی لەسەر بنیاتناوە، تەنانەت دەڵێت کاتێك ناچار دەبێت کەسێتییەکی رۆمانەکەی بکوژێ تورەدەبێت‌و لەسەر مێزی نوسینەکەی هەڵدەستێت، کاتێکیش ژنەکەی (مەرسیدس) مارکیز دەبینێت سوربووەتەوەو لەسەر مێزی نووسینەکەی رایکردووە لەهۆکەی دەپرسێ، ئەویش بەترسێکەوە دەڵێ (کۆلۆنێلم کوشتوە).

مارکیز کە بەخۆشەویستی ژیان پڕبوە دەڵێت: (من ئەوە رەتدەکەمەوە کە پاڵەوانەکانم وەها پێشکەش بکەم‌و لێیانگەڕێم تەنها تا پێدەگەن‌و دواتر بمرن، من بۆ ئەو مەبەستە پێشکەشیان ناکەم، ئەوان پێدەگەن بۆ ئەوەی بژین، بەڵام لەپڕ

مردنی تەوقیتکراو ئامادە دەبێتو هەموو شتەکان تێك دەدات.

هیچ کەسێك بەخۆشبەختی نامرێت، تەنانەت زۆربەی خەڵکی هێشتا نەمردون ترس سەرتاپای داگیرکردون، راستر ئەوان دەمرنو پڕن لەتوڕەییو بێزاری ئەوەی کە دەبێتو پێویستە بمرن، من ئەم راستیەم هەموو جار بۆ روون بوەتەوە: کاتێك کەسێکی ئازیزم لەدڵ دەمرێت ئەو هەستە سەرەکیەی کە کەسوکاری مردووە کە دادەگرێت هەستکردنە بەتوڕەییو بێزاریی، چونکە مردنی مرۆڤ دۆڕانێکە هەرگیز قەرەبوناکرێتەوە).

مارکیز پەیوەستبوونی خۆی بەژیانەوە وەها وەسف دەکات (ژیان چاکترین شتێکە بەدڵنیاییەوە تا ئێستا هەبێت، مردن بەنیسبەت منەوە واتایی کۆتاییە، ئەوەش گەورەترین تەڵەیە بەدڵنیاییەوە).

**(ئەلبێر کامۆ)**

هەر ئەم خۆشەویستییە کوشندەشە بۆ ژیانی خۆی وەها دەکات لەرۆماننووسو فەیلەسوفی گەورەی فەرەنسی (ئەلبێر کامۆ) داکۆکی لەمافی ئەوانی دی بکات بۆ ژیان، ئەوەتا لەئیدانەکردنی سزای لەسێدارەداندا دەڵێت (کاتێك قەشەیەك سزای لەسێدارەدان پیرۆز دەکات بەبڕوای من ئەوە لەئاینو عەقیدەکەی خۆی دەرچووە).

کاتێکیش ئیدانەی داگیرکردنی جەزائیری لەلایەن وڵاتەکەی خۆیەوە کرد تووشی رووبەڕووبوونەوە هات لەگەڵ دەسەڵاتداراندا.

کامۆ زۆر بەقوڵی ژیانی خۆشدەویست، دەربارەی خۆشەویستییەکەشی بۆ ژیان دەنووسێت (مردن بەنیسبەت منەوە دەرگایەکی داخراوە، ئەوە موغامەرەیەکی ناشیرینە، لەمندا گەنجێتیەك هەیە کە ناتوانم دەربارەی مردن قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام بەخەیاڵمدا دێت ئەگەر بێتو کارێکی وەها بکەم ئەوا ئەو کات وشەیەکی وەها دەدۆزمەوە کە تەعبیر لەنێوانی ئەو ترسو بێدەنگیە بکات کە دەربارەی بەقینێکی هوشیارانەیە بۆ مردنێکی بێ هیوا، کە بێگومان ئەوەش گەنجێتییە.

ئەو دڵڕەقە لەگەڵ مردندا، ئەو ترسە جەستەییەی کە ئەو ئاژەڵە هەیەتی خۆری خۆشدەوێ).

کامۆ بەشێوەیەك پەیوەست بوو بەژیانەوە کە ناتوانرێت دەستنیشانبکرێت ئەوەتا دەنووسێت: (هەموو ترسێکی من لەمردن بەهۆی ئیرەیمەوەیە لەژیان، من ئیرەیی لەوانە دەکەم کە لەدوای من دەژین، لەوانەی کە بۆنکردنی گوڵەکانو شەهوەتی ئافرەتەکان مانایەکی دیکەی هەیە بۆیان، من حەسودم چونکە ژیانم خۆشدەوێو ناتوانم لەگەڵیدا بەردەوام بم ئەگەر بێتو کەسێکی خۆپەرست نەبم، لەم روەشەوە هیچ نەخۆشییەك نییە لەمەخراپتر، هەر ئەمەشە دەرمانی دژە مردن، ئەمە لەقۆناغی یەکەمیدا ڕێگاخۆشکەرو دروستکەری بەزەییە بەزاتدا، هەروەها هاوکاری مرۆڤیش دەکات بۆ دەرچوون یان راکردن لەو یەقینەی کە بەهەر حاڵ لەکۆتاییدا دەمریت.

من لێرەدا هەستدەکەم کە پێشکەوتنی بەتەنهاو راستەقینەی شارتانیەت، ئەو پێشکەوتنەی کە پەیوەندی بەبەشەرییەتەوە هەیە لەزەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دیکە، ئەوەیە کە کەسی مردووی هوشیار دروستبکەین، ئەوەش کە بەردەوام تووشی سەرسوڕمانمان دەکات هەژاری بیرەکانمانە لەسەر مردن.

(کامۆ) کاتێك باسی مردن دەکات لەڕێگای مردنی کەسانی دییەوە باسی دەکات، بەڵام کە باسی خودی خۆی دەکات لەنیشاندانی ئەو وێنەی مردنەدا سەرکەوتو نابێت، بەڵام واشی دەبینێت کە داهێنان چاکترین وەسیلەیەکە بۆ رووبەڕووبوونەوەی مردن (کە ئەویش مردنێکی هوشیارانەو پێگەیشتووە).

(بەخودی خۆم ئەڵێم ئەمرم، بەڵام ئەمە هیچ مانایەکی نییە، چونکە هەوڵی ئەوە نادەم کە بڕوای



سارتەر

پێ بکەم و ناشتوانم جگە لەئەزموونی مردنی ئەوانی دی تاقیبکەمەوە) من خەڵکم بینیوە مردون، بەتایبەتیش سەگەکانم بینیوە مردون، بەڵام دەستلێدانیان دەمشڵەژێنێ.. لەوساتەدا بیردەکەمەوە گوڵەکان، زەردەخەنەکان، شەهوەتەکان بۆ ئافرەت، دەمەوێت بەئاگابونەکانم تاڕادەی سەرخۆشبوون هەڵگرم و بەهەموو زیادەڕۆیی و خۆشبەختییەکمەوە سەیری کۆتاییەکەم بکەم، بەقەدەر جیابوونەوەشم لەجیهان لەمردن دەترسم).

**(میلان کۆندێرا)**

(میلان کۆندێرا) لەزۆربەی ڕۆمانەکانیداو بەتایبەتیش لەکتێبی (کتاب الضحك النسيان)دا کە لەحەوت بەش پێك دێت گرنگی دەخاتە سەر پەیوەندی مرۆڤ بەخودی خۆیەوەو دواتریش پەیوەندی بەژیانەوەو بەتەنهاش ئەو کاتە دەگات بەخودی خۆی کە دەتوانێت ڕەنگە جیاوازەکانی ژیان کەشف بکات.

کۆندێرا یەکێکیشە لەوانەی زۆر بەقوڵی سەرسامی خۆی بەرامبەر دیستۆفسکی دەردەبڕی و دەڵێت: (دیستۆفسکی بەشێوەیەکی بلیمەتانە ململانێیەکی عەقڵی دەوڵەمەندەو ڕەسەنانە لەکەسایەتیەکانیدا دروستدەکات، کەوامان لێدەکات لەکەسایەتیەکانیدا بەدوای بیرەکانیدا بگەڕێین).

لەوانەیە هەمان شتیش بەسەر کۆندێرادا بچەسپێت کە ناتوانین بێ کەسایەتیەکانی لەخودی خۆشی بگەین.

دەڵێت: (هەموو ڕۆمانەکان لەهەموو زەمانێکدا دەستیانگرتوە بەنهێنی (الأناء)ەوە، بەجۆرێك هەر کائینێکی خەیاڵی دروستبکەیت، یان کەسایەتیەکی چیرۆك دابهێنێت ڕاستەوخۆ تووشی ئەم پرسیارە دەبێت (الأناء) چییە؟ و چۆن دەتوانین لێی بگەین؟ ئەوانە یەکێکن لەو پرسیارانەی ڕۆمانی لەسەر بونیات دەنرێ).

بۆ نموونە (بۆکاشیۆ) ڕوداوو موغامەراتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لەپشتی ئەو هەموو چیرۆکە خۆشانەوە ئەو قەناعەتە هەست پێ بکەین کە پێی وایە مرۆڤ لەو جیهانە ڕۆژانە دووبارەبوەدا کە هەموو شتەکانی لەیەك دەچن بەهۆی کردارەوە دێتە دەرەوە، هەر بەهۆی کرداریشەوەیە مرۆڤ لەوانی دی جیادەکرێتەوەو دەبێتە تاك.

(دانتی) دەڵێت (مەبەستی یەکەمی هەر بکەرێك لەهەموو کردارێکدا کە دەیکات کەوتۆتە سەر کەشفکردنی ئەو وێنەیەی کە تایبەتە بەخۆیەوە).

بەڵام (دیدرۆ) دوای چوار سەدە لە(بۆکاشیۆ) گومانی زیاتربوو، بەجۆرێك پاڵەوانەکەی (جاك) دێوانەی دەزگیرانی هاوڕێکەی دەبێت و لەخۆشیشدا سەرخۆش دەبێت، بەڵام باوکی لێی دەدات و ئەویش لەداخانا پەیوەندی دەکات بەکەتیبەیەکی سەربازیەوە، هەر لەیەکەم شەڕیشدا فیشەکێك بەر ئەژنۆی دەکەوێت و تاوەکو کاتی مردنی تووشی ئیفلیجی دەبێت.



کۆندێرا

کۆندێرا دەبارەی ئەم رووداوە دەڵێت: (گومانی وابوو کە دەستی کردووە بەموغامەرەیەکی عاشقانە ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو لەواقیعدا رووەو بەلاّ هەنگاوی دەنا، ئەمە جگە لەوەی ئەو هەرگیز نەیتوانی بەو کردارەی لەزاتی خۆی بگات).

شێوەی تەمومژاوی کردارەکانیش یەکێکە لەدۆزینەوە گەورەکانی رۆمان، هەر لێرەشەوەیە ئەو لەحزەیە دێت کە پێویست دەکات لەسەر رۆمان لەگەڕانیدا بەدوای (الأناء)دا ئەو جیهانەی کردارییە بینراوە پشت گوێبخات بۆ ئەوەی گرنگی بدات بەنەبینراوەکانی ژیانە ناوەکیەکە.

کۆندێرا لەزەمینەیەکی رۆشنبیری پێگەیشتووەوە کە تێرە لەخوێندنەوەی رۆمانەکانی گەورە رۆماننووسانی وەك (مارسیل بروست، جەیمس جۆیس، ستاندال، گۆتە، ریشارد سۆن، بۆکاشیۆ، کافکاو..) هاتووە.

کۆندێرا لەهەوڵێکیدا بۆ نیشاندانی وێنەیەکی رۆشنتر دەربارەی کۆی پرۆژەی رۆمانەکانی دەڵێت (هەموو جار گەڕان بەدوای (الأناء)دا بەتێر نەخواردنێکیسەیر کۆتایی دێت، کە ناڵێم بەتەواوەتی شکست دێنێت، چونکە رۆمان ناتوانێت لەسنورە تایبەتیەکانی توانای خۆی تێپەڕێنێت، هەروەك چۆن رۆشنکردنەوەی ئەم سنورانە لەبنەڕەتدا بەدۆزینەوەو وەبەرهێنانێکی گەورەی ئیدراکی دادەنرێت).

ئەگەرچی کۆندێرا، ئەوە رەتدەکاتەوە کە لەلیستی رۆماننوسە سایکۆلۆژییەکاندا حسێبی بۆ بکەین، بەلاّم رۆمانەکانی ناتوانێت ئەوە رەتبکاتەوە کە سەر بەم قوتابخانەیە کە بێگومان یەکێکە لەگرنگترین‌و گەورەترین وەزیفەکانی رۆمان.

**(هێرمان هێسە)**

(هێرمان هیسە) هۆکاری بەپیرەوەچوونی بۆ نووسین دەگەڕێنێتەوە بۆ سالأنی منالّی، ئەو کاتەی کە خەیالّی بوو ببێت بەسیحربازێك‌و پێی وابوو دەتوانێت ئەو شتانە بکات کە لەواقیعدا ناتوانێت ئەنجامی بدات‌و وزە عەقلّی‌و جەستەییەکانیشی رێگایان پێنادات.

(ئارەزوییەکی زۆر لێکەر دایدەگرتم بۆ گۆڕینی واقیع بەسیحرو دروستکردن‌و گەشتن پێی، لەمنالّیما ئارەزوەکانم بۆ سیحر روەو چەند ئامانجێك دەیبردم کە لەدەرەوەی توانای منالّیما بوو، وەك ئەوەی ئارەزوم دەکرد داری سێو بەزستانانیش بەری هەبێت‌و گیرفانەکانیشم لەرێگای سیحرەوە پڕببێت لەئالّتون‌و زیو، کە لەرێگایەوە دوژمنەکانم پەکبخەم‌و تووشی ئابڕووبردنیان بەرم‌و بەشەهامەتەوە دواتر ببم بەپالّەوان‌و پادشا، دەمویست کە توانام هەبێت گەنجینە شاراوەکان بدۆزمەوەو وا بکەم جەستەم ونبکەم، ئەم توانای خۆ ونکردنەش بەگرنگترین تواناکانم دادەناو بەهەموو شێوەیەك هەولّی دەستەبەرکردنیم دەدا).

(هێسە) دان بەوەشدا دەنێت کە هەر نووسین بوە توانیویەتی لەم بیرکردنەوانە رزگاری بکات کاتێك کە گەورەبوەو نووسینی ناسیوە:

(دوای ئەوەی کە گەورەبووم لەماوەیەکی درێژداو دەستم کرد بەنووسین، چەند جار هەولّی ئەوەم داوە کە لەدوای دروستکراوەکانمەوە خۆم بشارمەوەو دووبارە

خودی خۆم لەپشتی ناوە دروستکراوەکانمەوە بشارمەوەو ئەم هەولأنەش هاوەڵە نووسەرەکانمی وا لێکرد کە بەهەڵە لەمەبەستەکانم بگەنو وەها سەیریبکەن کە کارێکی هەڵەشانەیە.

کاتێك سەیری رابوردوو دەکەم دەبینم چۆن لایەنەکانی ئەم ئارەزوە سیحریانە بەتێپەڕینی رۆژگار گۆڕاونو چۆن هەوڵەکانم لەجیهانی دەرەوەدا بەلەسەرخۆیی گۆڕدراوەو ئاراستەم کردووە بۆ زاتی خۆم.

وە چۆن چۆنی ئەو عیبارەتە سیحریە سادەیە بەتێپەڕبونی زەمەنو توانای بۆ خۆشاردنەوە گۆڕدراوە بۆ توانای خۆشاردنەوەی ئەو حوکمەی کە هەموو شتێکی چواردەوری خۆی دەبینیٚ بەبیٚ، ئەوەی کەس ئەو ببینێت، هەر ئەم هەڵپەیەشە دواتر دەبێت بەناوەرۆکی راستەقینەی ژیانی من.



هیسە

هێرمان هێسە بەمشێوەیە وردەکارییەکانی ژیانی خۆی باس دەکات: بەنزیك کۆتایهاتنی سەردەمی تازە لەدایك بووم، لەکاتژمێرێکی زووی ئێوارەیەکی گەرمی مانگی تەموز، بەدرێژایی ژیانمو بیٚ هیچ هوشیارییەك گەرمایی ئەو کاتژمێرەم خۆشویستوەو بەدوایدا گەڕاوم، هەر کاتێکیش کە نەم دۆزیوەتەوە زۆر بەقوڵی بیرمکردووەو نەمتوانیوە لەوڵاتە ساردەکاندا بژیم، هەموو سەفەرەکانیشم ئەوانەی کە بەدەستی خۆم بووە رووەو باشور بووە، لەگەڵ ئەوەشدا دواترو بەجۆرێك کە هیچ گەڕانەوەیەکی بۆ نییە تەسلیمی جیهانە گەمژەکە بومەتەوە، تەنانەت هەستەکانیشم چەندین جار سزاداوەو بۆ چەند کاتێکیش پشتگوێم خستووە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جار ئەم باکگراوندەی سۆزە بەوردەکارییەکی زۆرەوە بەتایبەتی لەوەی کە پەیوەندی بەبینینو بیستنەوە هەیە هاوڕێم بووەو لەجیهانە فیکرییەکەمدا رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە، تەنانەت لەو کاتەشدا کە موجەرەدی دەرکەوتوە.

بەمجۆرە وەك باسمکرد خۆم بەچەند توانایەکی دیاریکراو تەیار کردووە بۆ ئەوەی رو وبەڕووی ژیان ببمەوە.

ئەوەی کە نووسینەکانی هێسە جیادەکاتەوەو بەتایبەتیش لەقۆناغەکانی دوای ژیانیدا، ئەوەیە کە نووسەرەکەی پیاوێکە لەقۆناغێکی پیری ئارامبەخشو تێربوو لەژیانەوە دەنووسیٚو بەشێوەیەکی گەورەش نزیکە لەدانپیانانە گەورەکانەوە، زۆر جاریش بەئوسلوبی حەکیمێکی بەساڵاچوەوە کە قسە بۆ نەوەکانی دەکات قسە دەکات، دەڵێت: ئایا ئێمە لەوە دڵنیاین کە قەدەرمان کردارێکی غەریزییەو دەربازبوون لێی مەحاڵە؟ ئایا بەشێکی گەورە لەسۆزو تواناو دڵسۆزی بۆ ئەم هەموو کردارانە دابین نەکراوە؟.

ئەو بەساویلکەییەکەوە ئەوانە دەکاتو بڕوای بەهەبوونی حەماسەتێکی منالأنە هەیە لەهێزە زاتیەکانی خۆیداو رازیشە بەوەی کە قەدەر دەتوانێت کاریگەری لەسەری هەبێت یان پێدەچێت کە بتوانێت، لەگەڵ هەبوونی ئەو گومانەی لەقولأییەکانی رۆحیدا هەیەتی بەوەی کە هەوڵەکانی بیٚسودە، لەهەمانکاتیشدا لەوە دڵنیایە کە کارو هەوڵدانو هەڵبژاردنو ئازاردانی زات چاکترینو جوانترین ژیانەو لەهەمووشیان هێزی راکێشانی زیاترە، یان لانی کەم لەوە چێژی زیاترە کە بەزەلیلییەوە تەسلیمی بین.

سەرچاوە: سایتی (البوابە).




و: بەناز عومەر ساڵح

بەم نزیکانە ڕۆمانێکی نوێی نووسەری پورتوگالی– خۆسیە سارا ماگۆ– بڵاودەکرێتەوە کە ئەندێشەی ئەوە دەکات کە مردن بۆ یەك ڕۆژ لەگیان کێشان ڕادەوەستێ، سارا ماگۆ خاوەن خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی ساڵی 1998و ئەم ڕۆمانە نوێیەی لەهەریەك لەئیسپانیاو پورتوگالو ئیتاڵیاو دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینیو ولایەتە یەکگرتووەکان بڵاودەکاتەوە.

یەکەمین دەرکەوتنی ڕۆمانەکەشی لەبەرازیل بوو کە ڕۆژی 27ی مانگی (10)ی ئەمساڵو بەبۆنەی سەردانی سارا ماگۆ بۆ ئەو وڵاتە بڵاوکرایەوە، ئەمە لەکاتێکدا لەوڵاتانی تردا لەڕۆژی 3ی تشرینی دووەمدا بڵاودەکرێتەوە. ئەم ڕۆمانە نوێیەی سارا ماگۆ لەلایەن – بیلاردی ریو–ی خێزانیەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئیسپانیو هەروەها وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کەتلانیو فەرەنسی.

سارا ماگۆ لەم ڕۆمانەیدا ئەندێشەی حاڵەتێکی نامۆو ئاستەم دەکات بەوەی کە مردن ئەوە ڕادەگەیەنێت کە بۆ تاکە ڕۆژێك لەکارەکەی ڕادەوەستێ بەواتای ئەوەی لەو ڕۆژەدا ڕۆحی خەڵك ناکێشێت.

نووسەر لەڕۆمانەکەدا وێنەی ئەو حاڵەتە پەرشوبڵاوییە دەکێشێت کە دووچاری کۆمەڵگە دەبێت لەکاتی زانینی ئەم هەواڵەو حکومەتیش دەستەوەستان دەمێنێتەوەو ناتوانێت هیچ شتێك بکات، کاردەگاتە ئەوەی کە ناڕەزاییەتیەکان زیاد دەکاتو داوا لەحکومەت دەکرێت کە چارەسەری ئەو پەرشوبڵاوییە بکات کە دووچاری وڵات هاتووە.

سارا ماگۆ لەبارەی ڕۆمانەکەوە دەڵێت:. (ئەم هەواڵە بەواتای ڕاگەیاندنی مردن بەلەکاروەستانی، وەك دیاردەیەکی دڵخۆشکەر دەردەکەوێت، بەڵام لەحەقیقەتدا بەپێچەوانەوەیە. ئەمە خراپترین شتێکە کە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە).

لەڕێگەی ئەم ڕۆمانەوە سارا ماگۆ بەشێوازێکی گاڵتەئامێزانە دەیەوێت ڕەخنە لەحکومەتو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنو چەندین لایەنیتر بگرێت).

لەچاوپێکەوتنێکیش لەگەڵ نووسەردا ووتی: (ژیان ناتوانێ بەبێ بوونی مردن بژی، هەربۆیە دەبێت بمرین تاوەکو بەزیندوویی بمێنینەوە) پێویستە بەڕوانینێکی جیاوازەوە لەمردن بڕوانین.

لەوکاتەش پرسیاری ئەوەی لێکرا کە ڕاوبۆچوونی چیە لەسەر ئەم ڕۆمانەی، سارا ماگۆ ووتی:. من زۆر دڵخۆشم پێی چونکە کتێبیتر لەبارەی ئەم بابەتەوە نییە، سەبارەت بەهەڵسەنگاندنی ڕۆمانەکەشی ووتی:. نامەوێت پێش خوێنەرو ڕەخەگران بکەوم).

ئەم ڕۆمانە نوێیەی سارا ماگۆ ناوی –ترپەکانی مەرگە– و پێکدێت لە200 لاپەڕەو باس لەوساتە دەکات کە مردن بڕیاری ئەوە دەدات لەڕۆژی 31ی دیسەمبەر لەگیان کێشان بوەستێ.

تیراژی یەکەمی چاپکردنی ئەم ڕۆمانە لەئیسپانیاو پورتوگالو بەرازیل دەگاتە 100هەزار دانە.

سارا ماگۆ کە رەخنەگران بەیەکێك لەڕۆماننووسە گرنگەکانی ئەدەبی هاوچەرخی دادەنێن، ژمارەیەکی زۆر لەبەڵگەنامەی دکتۆراو خەڵاتی لەزانکۆکانی تورین‌و ئەشبیلە پێ‌بەخشراوە.

**سەرچاوەکان:**

*ڕۆژنامەی–شرق الاوسط–10/25.

*سایت–الجزیرە نیت.

# فیلم‌و سیناریۆ..
# خەڵکی دەڕۆن بۆ سینەما
# بۆ ئەوەی نیگەران بن!!

*و: جەمال هەڵەبجەیی

**(بەراییەك)**

مەسەلەی سیناریۆ نەك تەنها لەئەمریکادا بەڵکو لەتێکڕای جیهاندا هێشتا جێگەی باسە، هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ رەوتی سەرەکی سینەمای ئەمریکادا ناکۆکن، لاوازی سیناریۆکان بەڕوداوو کارەسات دادەنێن‌و هەموو شتەکان دەخەنە ئەستۆی سیستەمی هۆلیۆدەوە، رەنگە تا ئەندازەیەکیش هەق بەمان بێت، چونکە سینەمای کلاسیکی هۆلیۆد بەشێوەیەکی ئاسایی پڕبوو لەسیناریۆی دروست‌و بنەڕەتی‌و کاتێکیش دەکرانە فیلم هەموو تایبەتمەندییەکانیشیان دەمانەوە، بەڵام لەم ساڵانەدا سیناریۆ لەهۆلیۆددا ماڵئاوایی کردووە، تەنانەت کێشەی ئەو فیلمنامانەش کە دەرهێنەرە باشەکانیش دەخوڵقێنن هەر بریتییە لەسیناریۆ، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە تێڕوانینەکان بۆ سەر فیلمنامە چڕبووەتەوەو فیلمنامە نووسە بەناوبانگەکان سەرلەنوێ سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوون، ئەمەی کە دەیخوێنیتەوە هەڵبژاردەیەکە کە (رابرت تاون)ی فیلمنامە نووسی (گەڕەکی چینییەکان) دەریبڕیوە، ئەم وتارە خاوەنی چەند خاڵێکی جێگە سەرنجە کە دەبێت بەجدی تێی



بڕوانین.

رابرت تاون: یەکەمین هەنگاو بۆ گەیشتن بەفیلمێکی باش گەیشتنە بەداستانێکی سینەمایی، داستانێك کە بڕیارە بەپێی ئەو داستانە، سیناریۆ بنووسرێت، داستانێکی سادە نییە، ئەڵبەتە دەشتوانرێت داستانێکی سادەش بکرێتە داستانی سینەمایی، بەڵام ئەم کارە پێویست بەوە دەکات کە زنجیرە قۆناغێك بڕێت، بەدڵنیاییەوە دەزانن کە داستان، بریتییە لەڕاڤەکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤگەلێکی خەیاڵی لەبەرامبەر رووداوە واقیعییەکانداو وێڕای ئەمەش ئەوەیان فێرکردوون کە تەنانەت گەر بشتەوێت سەبارەت بەمرۆڤگەلێکی واقیعیش بنووسیت، دووبارە مرۆڤگەلەکانی داستانەکان خەیاڵین، نمونەیەك دێنمەوە: تۆ بەنیازیت سەبارەت بەناپلیۆن بۆناپارت داستانێکی سنەمایی بنووسیت ئایا ئەوت بینیوە؟! ئاگاداریت لەهەڵسوکەوتی ئەو؟! لەوتەو قسەکانی ئاگاداریت؟! بەدڵنیاییەوە نەخێر، لەهەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە تۆ دەستت بەبیروئەندێشەی ئەو راناگات، تۆ تێڕوانینی خۆت سەبارەت بە ئەو دەخەیتەڕوو، بەم پێیە کەسایەتییە واقیعییەکانیش دەگۆڕدرێن بۆ کەسایەتی ئەفسانەیی، هەنگاوی دواتر ئەوەیە کە تۆ داستانێکی سینەما ئامێز بنووسیت بۆ ئەوەی ئەگەر کۆمپانیایەك داستانەکەی کڕی‌و کردییە فیلم، جەماوەر بۆ بینینی پسوڵە بکڕن‌و بڕۆنە هۆڵەکانی سینەماوە.

***داستانی فیلم ئامێز:**

چەند ساڵ لەمەوپێش ئامادەکارێکی بەناوبانگ لەهۆلیوۆددا بوو کە ئێوە رەنگە تەنها ناویتان بیستبێت (کنت مك گووان) ئەو دەیوت: خەڵکی دەڕۆن بۆ سینەما بۆ ئەوەی نیگەران بن!! چ چوبێتە بینینی تراژیدیایەك‌و چ چوبێتە تەماشای کۆمیدیاییەك، ئەوان کاتێك چێژی تەواو لەفیلم دەبەن کە بەدانەدانەو چ بەتێکڕای دیمەنەکانی نیگەران بن!! ئەم وتەیە دەبێت لەچوارچێوە بئاخزێت‌و بەدیواردا هەڵواسرێت‌و لەکاتی نوسیندا بەرامبەرت بێت، ئەم وتەیە وانەیەکی گرنگە، چونکە پێت دەڵێت داستانی فیلم ئامێز چ جۆرە داستانێکە، داستانی فیلم ئامێز پێکهاتەیەکە لە(خواست)و (مەترسی) کەسانێك کە دێنە سینەماوە خوازیاری ئەم دوانەن، چونکە بەبینین‌و هەستکردنی هەر کامێکیان بینەر وا هەست دەکات لەهەناویدا ورووژانێك بەرپا بووە، تۆ لەسەرەتاوە داستانێك دەخوڵقێنیت تا بینەر بەنۆبە ساتێك رووبەڕووی رووداوەکانی فیلمەکە ببێتەوەو ساتێکیش ئاسودە خەیاڵ بێت، لەفەرهەنگی هۆلیۆددا خواست، بریتییە لەتامەزرۆیی مرۆڤ بۆ خۆشبەختی، واتە هەمان ئەو شتەی کە هەموو مرۆڤەکان بەشوێنیەوەن‌و مەترسیش شتێکە کە هەڕەشە لەخۆشبەختی دەکات، لەتەنیشت ئەمانەشدا دەبێت بەدووی شتگەلێکەوە بێت کە سۆزو عاتیفە دەورووژێنێت، تۆ دەبێت ئەمانە رووبەڕووی ورووژاندنی بکەیتەوە، سیناریستان دەڵێن: بەهێزی (خواست) وزەی ژیانی هەر فیلمێك‌و مەترسی دڵی لەرزیوی ئەو فیلمەیە.

***بەرنامەڕێژی داستان:**

ئەو داستانانەی کە هۆلیوۆد لەم ساڵانەدا نمایشیان دەکات بەشێوەیەکی ئاسایی دەستی بەدڵ ناگات‌و هەندێ جاریش ئەوەندە شل‌وشۆڵە کەوا دێتە پێش چاو سیناریست هیچ رابەرێکی بۆ نووسین لەپێش چاودا نەبووە، قسەوباس سەبارەت بەبەرنامەڕێژی داستان بەپەندێکی هۆلیوۆد دەست پێدەکەم: (کەسێك دەیەوێت کارێك ئەنجام بدات، بەڵام بەهۆی بەڵگە گەلێکەوە ناتوانێت ئەو کارە بەئەنجام بدات) دەبینیت کە دووبارە گەڕاینەوە بۆ چەمکی (خواست) با هەر لێرەدا بوەستین‌و لەخۆوە

ناوی زنجیرەیەك فیلم بهێنین (دلیجان)، (کازابلانکا)، (خەوی گەورە)، (بوون‌و نەبوون)و نزیکتربیتەوە (گەڕەکی چینیەکان)و (فەرمانبەری بیٚ شیمانە) چەند فیلمێکی جۆراوجۆرن، هەمەجۆرە فیلمێکیان تێدایە، ئێستا بیر لەوە بکەرەوە کە پاڵەوانەکانی هەر فیلمێکیان چ جۆرە خواستێکیان هەیە، ئەگەر خواستەکانیانت نەدۆزییەوە ئەوا دووبارە کۆشش بکەرەوە، ئەم جارەیان بەدڵنیاییەوە پەیدای دەکەیت، چونکە کەسایەتییەکانی هەر فیلمێك بیٚ خواست نین.

***ئاوڕدانەوە لەکەسایەتی:**

کەسایەتی خوازیش یەکێکە لەکێشەکانی هۆلیوۆد کە ئەمڕۆ رووبەڕووی دەبێتەوە، لەزۆربەی فیلمەکاندا لەبری کەسایەتی رووبەڕووی گروپ (دەستە) دەبینەوەو هەر لەبەر ئەمەشە کە زۆرێك لەفیلمەکان بەیەکدی دەچن، ئەگەر یەکێك لەو فیلمانە ببینیت، ئەوا بینینی ئەوانی دیکە نەك هەر ئەوەی کە چێژی نییە، بەڵکو ئازار بەخشیشە، بەدڵنیاییەوە دەزانیت کە کەسایەتی‌خوازی لەسینەمادا قورسترە لەکەسایەتی‌خوازی لەچاو چیرۆکی کورت‌و رۆماندا.

لەفیلمنامەدا دەبێت تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی بگوشێت، هەر تایبەتمەندییەك کە پێویست نەبێت دەبێت فەرامۆش بکرێت، هێشتا ئەمەش کۆتایی مەسەلەکە نییە، چونکە دەبێت هەموو تایبەتمەندییەکانی دیکە بگوشرێن، قۆناغی دوای ئەمە ئەوەیە کە بۆ گوێزانەوەی تایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانی کەسایەتی دەبێت زنجیرەیەك هەڵس‌وکەوتی دەرەکی‌و ناگوفتاری هەڵبژێرێت کە هەم روون بن‌و هەم وردن، پاش ئەمە دەبێت رێگەیەك بدۆزیتەوە کە لەناوەرۆکی هزری‌و دەرونی لەچوارچێوەیەکی بەرجەستەدا لەخستنەڕووی دەرەکی بەهەرەمەند بێت، دژواری کاری فیلمنامەنووس هەر ئەمەیە کە دەبێت لەڕێگەی هەڵس‌وکەوتی دەرەکییەوە کەسایەتییەکان بسازێنێت، ئەمەش لەماوەی زەمەنێکی کۆتادا، فیلمێکی سیٚ سەعاتی بەپێکهاتەی سیٚ پەردەوە هەرگیز بەئەندازەی رۆمانێك وەسفی تێدا نییە، وەسف لەڕۆماندا کەرەستەیەکی ئارامبەخشە، بەڵام لەسینەمادا زۆر بەماندوکەر دێتە پێش چاو، خەڵکی ناڕۆنە سینەماوە بۆ ئەوەی شەقامی چۆڵ سەیر بکەن یا چێژ لەدیمەنی جوان بەرن، ئەم شتانە دەتوانرێت لەتەلەفزیۆنیشدا نیشان بدرێت، بەهۆی کامێرای وێنەگری خێزانیشەوە دەتوانرێت تۆماربکرێت، بەرامبەر بەمە سینەما زەمینەی شتگەلێکی گرنگترە کە لەجێگای دیکەدا دەرفەتی خستنەڕوویان نییە.

***گفتوگۆ:**

گفتوگۆ یەکێکە لەکلیلە گرنگەکانی نووسینی سیناریۆی فیلم، دڵنیابە کە ئەگەر فیلمنامە گفتوگۆکانی باش‌و بەکەڵك نەبن، ئەوە بەفیلمنامەیەکی باش ئەژماردە ناکرێت، هۆکەشی روونە، چونکە گفتوگۆ وێڕای بەرەوپێشبردنی هێڵی داستانەکە، دەبێت رەهەندە کەسایەتییەکانمان پیٚ بناسێنێت، کە بەهیچ شێوەیەکی دیکە ناتوانین ئەوانە ببینین، هەندیٚ جار بەدیتنی هەندیٚ فیلم لەوەی کە فیلمنامەنووس توانایەکی زۆری نەبوە لەنووسینی گفتوگۆدا، داخ دەخۆم، سیناریێستی فیلم پێگەیەکی بیٚ وێنەی خوڵقاندووە، بەڵام بەداخەوە کە گفتوگۆکە بەکەڵکی ئەو پێگەیە نایەت لەبڕستی ئەو پێگەدا نییە، لەهەمان کاتدا نابێت زۆر بلێیی بکەین، عاشقی گفتوگۆکانتان نەبن، دەبێت جۆرێك پەیڤین بنووسیت کە نەبینرێن، بەڵام خۆشئاوازبن‌و نەبونیشیان زیان بەفیلمنامەکە دەگەیەنێت، ئەو چوار تایبەتمەندییەی کە وتم دەبێت لەگفتوگۆکاندا هەبن، ئەگەر بەپەیڤێکی کاریگەرو خاوەن ئەو چوار تایبەتمەندییەوە نەچینە کایەوە،

ئەوا زیانێکی گەورەت بەفیلمنامەکە گەیاندووە، کە بەهیچ شێوەیەکی دیکە ناتوانیت بنیادی بنێیتەوە، گفتوگۆ جۆرە وتەیەکی هەڵبژێردراوە کە لەگەڵ ئامانجێکی لەوەوپێشدا دیاریکراوەو بەشێوەیەکی رێکوپێك دروست کراوە، تێبینی کە گفتوگۆ دەسازێنن، بەلاّم قسەوباسی رۆژانە روونادات، بارێکە روو لەهەر ئاراستەیەك، گرنگتر لەهەموو ئەمانە دەبێت ئەوەت لەبیربێت کە مرۆڤەکان وەك یەکدی قسەوباس ناکەن، بەڕاستی جێگەی داخە کە زۆربەی فیلمە نوێیەکان ئاگایان لەم مەسەلەیە نییەو مرۆڤەکان لەفیلمدا راستو دروست وەك یەك قسەوباس دەکەن، ئەم رەوتە بەتەواوەتی هەڵەیە، چونکە گفتوگۆ دەبێت کەسایەتییەکان بناسێنێت، دەبێت لەڕێگەی گفتوگۆوە بەوە بگەین، باشترین گفتوگۆ گفتوگۆیەکی روو لەڕوویە، لێگەڕێ با مرۆڤەکان بەگفتوگۆکانیانەوە خۆیان بخەنە روو، کاتێك کە خەریکیت دەنووسیتو دەبینیت کە کەسایەتییەك خۆی خستوەتەڕوو هێندە شادمان دەبێت کە ناتوانرێت دانەڕێژیت، داویین ئامۆژگاری من بۆ ئێوە ئەمەیە کە سینەما دوور لەفیلمنامە بەجدی وەرمەگرە، لەپشت هەموو فیلمە چاکەکانەوە سیناریۆیەکی چاك پەنهانە، ئەمە تەنها پەندێکی هۆلیۆد نییە، بەڵکو حەقیقەتێکی رووتیشە..



# پێشانگەیەکی فۆتۆگرافی (کامەران شەوقی)

هونەری فۆتۆگراف لەئێستادا یەکێکە لەهەرە کەناڵە گرنگو بەربلاّوەکانی هونەر لەجیهاندا، بێگومان هۆکاری ئەمەش بۆ مەودای فراوانی بەکارهێنانی ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە لەزۆربەی لایەنەکانی ژیانداو دەربڕینو گوزارشت کردن بەوێنە لەئێستادا بۆتە یەکێك لەژانرە هەستیارو پڕ بایەخەکانی هونەر.

ئەم جۆرە هونەرە لەکوردستاندا بەباشی ئاوڕی لێنەدراوەتەوەو تا هەنووکە لەپەراوێزی پێشانگا هونەرییەکانە، لەگەڵ ئەو پەراوێزیشیەدا لەلایەن چەند هونەرمەندێکی کوردەوە توانراوە لەڕوویەکی ئەکادیمیو هونەرییەوە ئەم هونەرە بەسەربکرێتەوە، لەوانە هونەرمەندان (سامی حەمە موئمنو کامەران شەوقی) ئەمەی دواییان لەو پێشانگا فۆتۆگرافیەی کە لەگەلەری ئەمنەسوورەکە کردیەوە توایبووی گرنگی رۆڵی وێنە بەرجەستە بکاتو دەریبخات بۆ بینەر، وێنە گیراوەکانی (کامەران شەوقی) ئەو جوڵەو حاڵەتانە بوون کە رۆژانە بە بەرچاومانەوە گوزەردەکەنو چاوی ئێمە



فۆتۆ کامەران شەوقی

ماناو مەغزاییەکیان پێ نادات، بەڵام لەچاوی کامێراکەی شەوقیەوە ماناو مەغزای خۆی پێئەبەخشرێت.

ئەم ئەزموونەی فۆتۆگرافەر (کامەران شەوقی) ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە وەزیفەی هونەری فۆتۆگرافی بەتەنها گرتنی وێنەو دیمەنێكو دواجار کۆپیکردنی واقع نییەو لەئێستادا ئەم هونەرە بۆتە هونەرێکی پڕ بایەخو کاریگەر لەسەر چاوی بینەر. پێدەچێت خاڵی سەرکەوتنی فۆتۆگرافەر (کامەران شەوقی) لەدەربڕینی فۆتۆکانیدا بۆ ئەو باکگراوەندە سینەماییە بگەڕێتەوە کە هونەرمەند خاوەنیەتی کە خودی هونەرمەند دەرچووی پەیمانگەی سینەمایی مۆسکۆیەو ئەم کاری پرۆفیشیناڵە لەبواری سینەمادا بەڕوونی لەوێنە فۆتۆگرافیەکانیدا دیارو لەبەرچاوبوو.

سەبارەت بەو نمایشکردنەی چەند ئاستێك لەپێشانگەکەی کە بەشێك لەوێنەکان کاری روسیانو بەشێکی تریشیان کاری ئێرەن هونەرمەند وتی:. راستە بەشێك لەکارەکانم بۆ قۆناغی پێشتر دەگەڕێتەوەو بۆ ئەوکاتەی کە خوێندکاری فۆتۆگراف بووم لەڕوسیاو سەرجەم فۆتۆکانیش وێنەی ئەو کۆمەڵگەیەن، ئەمی تریشیان کاری ئێرەن من پێم وایە کارەکان بۆ بینەری ئێرە زۆر پێویستە، چونکە چاوی بینەر هەر هیچ نەبێت دەتوانێت جیاکاریەك بکات لەئاستی شوێنو کاتی فۆتۆکان، بەدەر لەمەش ویستومە لێك نزیکییەك لەئاست ئەو دو کۆمەڵگەیەبکەم.

سەبارەت بەمەوداو بوعدی فۆتۆکان کامەران شەوقی پێی وایە ئەو زۆر کار لەسەر بوعدی فۆتۆ دەکاتو نایەوێت کارەکانی تەنها یەك روبن، بەڵکو گرنگییەکی زۆریش بەڕووکاری دەرەوەو بوعدی پشتەوە دەدات بۆ ئەوەی کۆنتراسو ئیستاتیکای زیاتر بەکارەکەی بدات.

**لەژمارەی داهاتوودا دیدارێکی بەرفراوان لەگەڵ کامەران شەوقی بخوێنەرەوە..**

پرۆژەیەکی تری تاقیگەی هونەر هونەر:

## سامی حەمە موئمن:

### مەبەستمانە هونەرمەندی کورد ببێتە بەشێك لەرەوتی ئاکتیڤی ئێستەی هونەر لەجیهاندا



لەکۆتاییەکانی ساڵی 2005تاقیگەی (هونەر هونەر) کە لەپێناوی ئاڵوگۆڕی کەلتوری وڵاتە جیاوازەکان و سود وەرگرتن لە ئەزموونی پسپۆرانی هونەری جیهانی و هێنانیان بۆ کوردستان کاردەکات بانگێشتی پرۆفیسۆر (ئوتا میتا باوەر پرۆفیسۆر لە زانگۆی ڤیەننا) ی کرد بۆ شاری سلێمانی و پرۆفیسۆری ناوبراو لەو ماوەیەی کە لەشاری سلێمانی بوو سەردانی پەیمانگەو ئەکادیمیە هونەرییەکانی سلێمانی کردو لە نزیکەوە

ئەزموونی چەند نەوەیەکی جیاوازی شێوەکارانی کوردی بینی و چەند سیمینارێکیان سازکرد ، بۆ ئاشنابوون بەکارو پرۆژەکانی داهاتووی ئەم تاقیگەیە ئەم چەند پرسیارەمان لە هونەرمەند (سامی حەمە موئمن ) کرد کە هونەرمەندێکی ئەکتیڤی نێو ئەم تاقیگەیە .

**ئامانج لە دامەزراندنی تاقیگەی هونەر هونەر چیە؟**

-تاقیگەی هونەر هونەر پرۆژەیەکی کلتورییە، گرنگی دەدات بە گۆرینەوەی کلتوری لە نێوان هونەرمەندانی کوردستان و دامەزراوە هونەریە نێونەتەوەییەکان و نەتەوەکانی کلتورەکانی دی، و ئاشناکردنی هونەرمەندی کورد بە تیۆریەنوێکانی ئێستەی هونەری جیهانی و هەوڵدان بۆ بەشداریکردنی هونەرمەندی کورد لە بزاوتی هونەری جیهانی دا .

بۆ ئەوەی هونەر وەك کایەیەکی ژیاری گرنگ و هەستیار تەماشا بکرێت و ببێتە یەکێك لە پێکهێنەرە بنەرەتیەکانی سیمای کلتوری میللەتەکەمان، تاقیگەی هونەر هونەر لە پێناوی پوخت کردنەوەی هونەر لەو کاریگەریە نێگەتیڤانەی (هونەری ناهونەر) کە بە هۆی سیاسەتی مۆنۆپۆلکردنی هونەرەوە لەلایەن پارتی شۆفێنی بەعسەوە سێبەری خۆی بەسەر هونەری پێش راپەریندا والا کردبوو، تاکو ئێستەش ئاسەوارەکانی بەسەر هونەرمەندی کوردەوە دیارە

بەمەبەستی روناکی خستنە سەر هونەرو هونەرمەندانی ئەم میللەتە و دەرهێنانی لەو تەنگەژەی خۆخواردنەوە ترسناکەی کە باڵی بەسەر هونەری هەموو رۆژهەلاتی ناویندا کێشاوە، ئەم تاقیگەیە مەبەستیەتی کە هونەرمەندی کورد ببێتە بەشێك لە رەوتی ئاکتیڤی ئێستەی هونەر لە جیهاندا، لە هەمان کاتدا پاراستنی هونەری ئەم ناوچەیە لە پاشکۆ بوون بۆ هەرجۆرێك لە (هونەری ناهونەر). هەر لەم دیدگایەشەوە سەرەتا من و شیروان عەلی هاورێم دوای وتوێژێکی دورو درێژ دەستمان بەم پرۆژەیە کرد = بێگومان بە هاوکاری و هەم ئاهەنگی چەند هاوری و هونەرمەندێگی تریش تاقیگەی هونەر هونەر لە دوای راپەرینەوە، هەوڵی جدییان لەم پێناوەدا داوەو خەونی روناکیەخستنە سەر بزاوتی کلتوری و هونەرلە کوردستان بە گشتی کردۆتە ئامانج و، لەم ستراتیجەوە (تاقیگەی هونەر هونەر) دامەزرا.

**ئەو پرۆژانە چین کە تاکو ئێستە تاقیگە ئەنجامی داون؟**

-وەك یەکەمین ئاڵوگۆری هونەری تاقیگەی هونەر هونەر لە ساڵی 2002 دا یەکەمین هەنگاو میوانداریکردنی نوسەر و پرۆفیسۆر د.فرید هیڵم مینکس لە ئەڵمانیاوە بۆ کوردستان بۆ ئاگاداربوون لە رەوتی هونەر لە کوردستاندا .لە میانەی سەتمەکەیدا لە نزیکەوە چاوی کەوت بە ژمارەیەك لە هونەرمەندانی کوردستان و بەرهەمە هونەریەکانیان و سەردانی گەلەری زامواو زانکۆو پەیمانگەکانی کوردستانی کرد و وەرگرتنی برێك کتێب لە ئەکادیمیەی دوسولدۆرف وسازدانی دوو کۆر بۆ پرۆفیسۆر د.فریدهیڵم مینکس سەبارەت بە (جۆزیف بۆییس و فرانسین بیکون) بۆ ماوەی 4 رۆژ و بەشداربوونی 151 کەس لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی شاری سلێمانی- و بلاو کردنەوەی وتارێکی درێژ سەبارەت بە رەوتی هونەرو سەردانەکانی پرۆفیسۆری ناوبراو لە رۆژنامەی فرانکفۆرتەئەلگەماینە.سازدانی ۆرك شۆپێك بۆ کاری هونەری ئینستەلەیشن لەلایەن هونەمەند شیروان علی بۆ 10 فێرخوازی هونەر.نمایش کردنی چەند فلمێکی هونەری لە گەلەری ئارام پیشانگەی هاوبەشی شیروان عەلی و سامی حەمەموئمین و هۆرێن غەریب/ لە شاری کۆڵن لە ئەڵمانیا و سازدانی دووسیمینار یۆ بۆ هەریەك پرۆفسۆر

فریدهیڵم مینکس و ئینگرمیلەر لە مانگی 10ی ساڵ رابردوو و و گرنگ ترین روداو بۆ کۆتایی 2005 و سەرەتایەکی بەهێز بۆ 2006 بانگهێشتکردنی یەکێك لە رێکخەرە هونەریە هەرە ناسراوەکانی جیهان کە ئەویش خاتو ئوتا میتا باوەر پرۆفیسۆر لە زانکۆی ڤیەننا.

**پرۆژەی ئایندەی ئاقیگە چییە؟**

–دامەزراندنی کتێبخانەیەکی تایبەت بە هونەر بەسەرجەم کەناڵەکانیەوە (کتێبخانەی میدیایی و دیجیتال) لە پێناوی ئاشنا کردنی هونەرمەندی کورد بە رەوتی ئێستای هونەر .سازدانی وۆرك شۆپی هونەری و بەشداری پێکردنی فێرخوازان و هونەرمەندان، ئاڵوگۆری ئەزمون لەتەك هونەرمەندو دامەزراوە هونەریەکانی ئەوروپا. کە ئومێد دەکرێت لە کۆتایی ئەم ساڵدا یەکەمین هەنگاو لەم بارەیەوە لەگەڵ ئەکادیمیەی هونەرەجوانەکانی لایپزك دا بە پراکتیکی بنێین .

و سازدانی دوو سیمینار بۆ بەرێوەبەری ئەکادیمیی ڤیەنناو یەکێك لە پرۆفیسۆرەکانی هەمان ئەکادیمیە. سازدانی وۆك شۆپێکی ڤیدۆ ئارت لەگەڵ پەیمانگەیەکی ئەمریکی و چەند هونەرمەندێکی ئەڵمانی.

ئا: شۆرش محەمەد حسێن

**دەرهێنان و شانۆی مۆدێرن**

**دیدارێك لەگەڵ د.فازڵ جاف دا**




**شانۆو ناسنامە**

**نووسینی: کامەران سوبحان**



## بیرەوەرییەکانی کامەران ڕەئوف



کامەران رەئوف ئەو شانۆکارەی بەردەوام لەسەرتەختەی شانۆ ئامادەیەوبەردەوام سەرقاڵی ئەزمونی هونەرییە، دوائەزمونی ئەم هونەرمەندەش نمایشی شانۆگەری ( بیرەوەری )یە کە لەنوسین و دەرهێنانی خۆیەتی و چەند هونەرمەندێکی کوردو هۆڵەندی لەم نمایشەدا بەشدارن، هونەرمەندە کوردەکان( شەماڵی عەبەڕەش و سیروان جەمال) ن ، ئەم نمایشەش دوڕۆژ لەکۆتایی مانگی یەکی 2006 شاری لاهای هۆڵەندا نمایشکراو بینەرێکی زۆری کوردو هۆڵەندی ئامادەی بینینی ئەم نمایشەبوو.

شانۆگەری بیرەوەری وەك زۆرێك لە بەرهەمەکانی تری کامەران ڕەئوف هەوڵی‌دابوو کار لەیادەوەری خۆیدا بکات هەروەك ئەوەش لەناونیشانی شانۆییەکەوە دیارە کەئەم جارە هونەرمەند یادەوەری خۆی پەرت پەرت دەکات و باس لە پێنج پەناهەندە دەکات لە وڵاتێکی وەك هۆڵەندە دەیانەوێت ماف پەنابەرێتی بەدەست بێنن، یادەوەری کارەکتەرەکانی کامەران دابڕاو نیە لەیادەوەری کارەکتەری کوردی وەك ئەوەی کارەکتەرێکیان گوزەرێك بەیادەوەری خۆیدا دەکات و سەرجەم نەهامەتی و گرفتەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی و شۆڕش و نەهامەتیەکانی لەڕێگەی مۆنۆلۆژەوە دەخاتە ڕوو ، ئەمە جگە لەوەی ئەم (پێنج ) پەناهەندەیە دەیانەوێت بیرەوەری ئەوە بونیاد نێن کە بتوانن لەو وڵاتەدا درێژە بەژیان بدەن و ماف مانەوە بەدەست بێنن ، دیارە ئەمەش بۆخۆی ئیشکردنێکی زیرەکانەو هۆشیارانەی کامەرانە بۆئیشکردن لەو چرکەساتەی کە مرۆڤی هاوچەرخ ڕوبەڕوی دەبێتەوەو لە ساتەوەختێکدا موعەڕەزە بۆ لەناوچون وتێکشکانی یادەوەری .....

ڕەهەندێکی تریش لە نمایشی ( بیرەوەری) نوسەرو دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی داوە بیرەوەری خۆی وەك پەناهەندەیەك بخاتە سەرتەختەی شانۆو پیشانی ئەو بینەرەی بدات کەڕەنگە هەریەکەیان لە چرکەساتێکدا ڕوبەڕوی هەمان گرفت ببنەوە، لەهەموشی گرنگتر پاراستن و بەهێزکردنی ئەو بیرەوەرییەیە کە بۆ ئەوە هەرهیچ نەبێت ئەم کارەساتانە نەچنە خانەی بیرچونەوە.

جێگەی ئاماژە پێدانە ئەو پێنج ئەکتەرەی کە ڕۆڵی کارەکتەرەکانیان بینی بریتی بون لە((شەماڵی عەبەڕەش ،ئیدیس سوینکسلّ،مۆنیکا سەندیفۆرت، شۆڕش دزەیی، شنۆ شەمالّ)) پێنج کارەکتەرەکەش

دەلیلی شانۆییەکە







هەریەکەیان کارەکتەرێکی نێوکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بون کە خۆی لە کارەکتەری (پێشمەرگەیەکی دێرین کە15ساڵ شۆرشی دژی بەعس وداگیرکاری کردوە،مامۆستایەکی زانکۆ،ژنێکی پاشماوەی ئەنفال، ژنەشەهیدێك، شاعیرەیەك)).

ڕەنگە شتێکی تاڕادەیەك قورس بێت بۆ شانۆکارێکی کورد لە وڵاتێکی ئەوروپیداو بەزمانێکی بیانی و بەئەکتەری کوردو هۆڵەندی ڕوبەڕوی بینەری ئەوروپی نمایش بکات ، بەڵام ئەم جارەش کامەران وەك زۆرێك لەئەزمونە هونەرییەکانی تری بەتایبەتی ( وێرانەو گەشتەکەی حەسەن و سەلەی نانکەر) بینەری توشی خورپەکرد.

ئا: ئاینده




لەبلاوکراوەکانی گۆڤاری ئاینده